چیرۆک

# تالپا



خوان رۆڵفۆ

له فارسییه‌وه: ڤینا

ناتالیا خۆی خستە باوەشی دایکییەوەو ماوەیەکی زۆر سەری بە هەنسکەوە بوو. چەندین رۆژ بوو بەری بەم فرمێسکانە گرتبوو، هەڵیگرتبوو بۆ ئەمڕۆ کە گەڕاینەوە بۆ زێنزۆنتلا، ئەو هەر کە چاوی بە دایکی کەوت، یەکسەر هەستیکرد پێویستی بە سوکنایی و دڵدانەوە هەیە.

پێشتر، تەنانەت لەگەڵ ئەو هەموو دژوارییەی کە لەو رۆژە پڕ کوێرەوەرییانەی بەسەرمانبرد بوو، نەگریا بوو، ئەو رۆژانەی کە ناچاربووین تانیلۆ لەناو چاڵێکدا لە خاکی تالپا بنێژین. هەر من و ناتالیا بووین، تاك و تەنیا، کەس نەبوو یارمەتیمان بدات. هەردووکمان ئەو تاقەت و توانایەی کە هەمانبوو خستمانە سەر یەك و کەوتینە قەبر هەڵکەندن و هەر بەدەستیش گڵ و خۆڵەکەیمان دەرکرد. پەلەمان بوو هەرچی زووتر تانیلۆ بخەینە ژێر خاك، تاکەس لە بۆنی لاشەکەی کە ئاوێتە بوو بە مەرگ، نەترسێ.

لەدوای ئەو رۆژەش نەگریا، کاتی گەڕانەوە دەڵێم کە پێکەوە شەوان بەڕێدا دەڕۆیشتین، ماندوو بووین، لەناو تاریکیداو بەپەلەکوتێ، وەکو بڵێی بەدەم خەوەوە بڕۆین، هەنگاومان دەناو هەر هەنگاوێکیشمان وەکو ئەوە وابوو پێلەقەیەك بدەین بەسەر گۆڕەکەی تانیلۆدا. لەم کاتانەدا ناتالیا دەتوت بەردە خۆی رادەگرێت تا ئەو هەستانەی، کە لەناو دڵیدا شەپۆلی دەدا کاریان تێنەکات، بەڵام دڵۆپێك فرمێسك چییە، بە چاوەکانیدا نەهاتەخوارەوە.

بەڵام ئێستا گەڕابۆوە لای دایکی تا بگری، بەس بۆ ئەوە هاتبوەوە تا خەم و خەفەت بخاتە دڵی ئەو ژنەو تێبیگەیەنێ کە ئازار دەکێشێ و بەم جۆرە هەموومان نیگەران بکات، چونکە منیش وام هەستدەکرد ناتالیا لەناو دڵمدا دەگری. وەکو بڵێی بیەوێ بمانگوشێ و پاشماوەی گوناهەکامنان بچۆڕێنێتەوە.

ئاخر راستیتان دەوێ من و ناتالیا، هەردووکمان (تانیلۆ سانتوس)مان کوشت. بردمان بۆ تالپا تا لەوێ بمرێ و مردیش. دەمانزانی کە بەرگەی سەفەری وا دوورو درێژ ناگرێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بردمان، بەو خەیاڵەی کە بۆ هەتاهەتایە رزگارمان بێت لە دەستی. هەمان کاریشمانکرد.

بیرۆکەی چوون بۆ تالپا دای لە کەللەی تانیلۆی برام. ئەو خۆی بەر لە هەموو کەس ئەم بیرۆکەیەی بە مێشکدا هات. چوار ساڵ بوو داوای لێدەکردین کە بیبەین. چوار ساڵی رەبەق. لەو رۆژەوەی کە لەخەو هەڵسا و ئەو تلۆقە شینانەی لەسەر دەست و پێی بینی، لەو رۆژە بەدواوە، کاتێ کە تلۆقەکانی بوونە برین و لەباتی خوێن کێم و زووخاوی زەردیان لێدەهاتە دەرەوە، شتێك دەتوت جەو (کەتیرە)ی درەختە ئاوی خەستی لێدەچۆڕێتەوە. باش لەبیرمە، کە لە دوای ئەوە دەستبەجێ دەیوت، دەترسێ کە ئیتر هەرگیز باش نەبێ، هەربۆیە دەیویست بچێت بۆ زیارەتی مەزاری کیژی تالپا، تاوەکو بە نیگای ئەو شیفای برینەکانی بێت. هەرچەندە دەیزانی تالپا زۆر دوورەو ناچارین هەموو رێگەکە بە رۆژ لەبەر هەتاوو بەشەویش بەناو سەرمای مانگی مارسدا بەپێ ببڕین، دیسانەوە دەیەویست بچێت بۆ تالپا. ئەو کیژە بچکۆلەیە تیماری برینەکانی دەکرد، ئەو برینانەی کە هیچ چارەیەکیان نەبوو، ئەو کیژە باش دەیزانی چۆن چارەی بکات. هەموو شتێکی پاك و خاوێن دەکردەوە، کارێکی دەکرد، هەموو شتێکی وەکو کێڵگەیەکی بەرباران تەڕو تازە دەکردەوە. پێیوابوو هەر کە گەیشتە ئەوێ و لەبەردەم کیژەکەدا وەستا، ئیتر ئازاری نەخۆشییەکەی کەم دەبێتەوە، ئیتر هیچ شتێ ئازاری نادات. تانیلۆ بەمجۆرە پیری لێکردبوەوە.



خوان رۆڵفۆ

من و ناتالیاش ئەم بیرکردنەوەی ئەومان قۆستەوە تا لەگەڵ خۆماندا بیبەین. من دەبوایە لەگەڵیدا بچوومایە، چونکە برام بوو. ناتالیاش هەرچۆنێك بووە دەبوو بهاتبایە، چونکە هاوسەری تانیلۆ بوو. دەبوایە یارمەتی بدایەو بچوایەتە ژێر باڵی، لەکاتی رۆیشتندا بیکردایەتە کۆڵی تا نەکەوێتە ئەرز، رەنگە

لە گەڕانەوەشدا کە تانیلۆ هەموو ئومێدی بەدوای خۆیدا رادەکێشا، ناتالیا دەبوو بیخستایەتە کۆڵی.

من هەر لەسەرەتاوە دەمزانی ناتالیا چ خەیاڵێکی لەژێر سەردایە. هەندی شتم لە بارەیەوە دەزانی. بۆ نمونە دەمزانی ئەو رانە خڕو توندوتۆڵانەی کە وەکو بەردی بەر خۆرەتاو گەرم بوو، ماوەیەکە بە تەنیا ماونەتەوە. دەمێك بوو ئەمەم دەزانی. زۆرجار پێکەوە بووین، بەڵام هەمیشە سێبەری تانیلۆ لەیەکدی جیا دەکردینەوە، هەستماندەکرد دەستە ئاوساوییەکانی دەکەوێتە بەینمانەوەو ناتالیا لەمن دادەبڕێت تا برینەکانی بۆ تیمار بکات. هەتا ئەوکاتەی تانیلۆ زیندوو بوو، حاڵ و بارودۆخەکان هەر بەو شێوەیە بوو، کە بوو.

ئەمڕۆ دەزانم کە ناتالیا بەهۆی ئەو بەسەرهاتەوە پەشیمانەو تۆبەی کردووە. منیش پەشیمانم، بەڵام ئەم شتاتە نە لە ئازاری پەشیمانی قوتارمان دەکات و نە دەشبێتە مایەی ئارامیمان. ئەم بیرۆکەیەش کارەکەمان ئاساناکات، کە تانیلۆ لە هەموو بارێکدا هەر دەمرد، چونکە ئەجەلی هاتبوو، یان ئەمەی کە رۆیشتن بۆ تالپا بەو رێگە دوورو درێژەدا هیچ سودێکی بۆ ئەو نەبوو، چونکە ئەو بێ چوون و هاتنەوەش هەر دەمرد، چ لێرە یان چ لەوێ، رەنگە لێرە کەمێك درەنگتر بمردایە، بەهۆی ئەو ئازارەی کە لەرێگە چەشتی و ئەو هەموو خوێنەی کە لەبەری رۆیشت و زۆر شتی دیکە. ئەمە هەمووی لەسەر یەك کەڵەکە بوون و زووتر لەکاتی خۆی کوشتی. کێشەکە لەوەدایە کە من و ناتالیا بردمان و کاتێك کە ئیتر لە رۆیشتن پاشگەز بۆوە، کاتێك کە هەستیکرد ئیتر رۆیشتن بێسودەو داوای لێکردین کە بیگەڕێنینەوە، کەچی بە راکێش راکێش بردمان. لەسەر زەوییەکە بەرزمان کردەوە تا بتوانێ بەڕێدا بڕوات، پێماندەوت کە ئیتر ناتوانین بگەڕێینەوە. دەمانوت: (تالپا لە زینزۆنتلا نزیکترە) بەڵام هێشتا تالپا زۆر دوور بوو، چەندین رۆژی دیکەی دەویست.

باش ئەو شەوانەم لەبیرە. سەرەتا چیلکەو داری سنەوبەرمان کۆدەکردەوەو بە ئاگرەکەی دەوروبەری خۆمان رووناك دەکردەوە، پاشان لێدەگەڕاین تا خۆڵەمێشەکەی ئاگرەکەی دادەمرکاند و ئینجا من و ناتالیا دەچووینە پەنای شتێکەوە تا رۆشنایی ئاسمان لێمان نەدات. بەمجۆرە پەنامان بۆ چۆڵەوانی دەشت و دەر دەبرد، دوور لە چاوی تانیلۆ و نادیار لە تاریکی شەودا. چۆڵەوانی دەشتی کپ و چۆڵ لە یەکدی نزیك دەکردینەوە. جەستەی ناتالیای دەخستە ناو



دەستەکانی من و ئەمە دەبووە مایەی سوکنایی ناتالیا. بەمجۆرە هەستیدەکرد ماندووییەتی دەردەچێ، زۆر شتی لەبیردەباتەوە، پاشان خەوی لێدەکەوت و جەستەی نقومی ئارامی دەبوو.

بەرێکەوت ئەو زەوییەی کە لەسەری دەخەوتین هەمیشە گەرم بوو. جەستەی ناتالیاش، ژنی تانیلۆی برام دەستبەجێ بەگەرمای زەوییەکە گەرم دەبوو. پاشان ئەو دوو گەرمایە وەکو ئاگریان لێدەهات و مرۆڤیان لەخەو بەئاگاهێنا. ئەوکات دەستەکانم بەدوای ئەودا دەگەڕا، دەستەکانم لەسەر ئەو شتە زۆر گەرم و بەتینەی کە لەشی ئەو بوو، دەهات و دەچوو. سەرەتا لەسەرخۆ و بەهێواشی و پاشان بە جۆرێك فشاری دەخستە سەر وەك بڵێی بیەوێ خوێنی لێ بهێنێتەدەر. هەر بەو جۆرە شەو لەدوای شەو تا بەرەبەیان دەهات و بای سارد ئاگری جەستەمانی خامۆشدەکرد. جارێ ئەوکاتەی کە خەریکبوو تانیلۆمان دەبرد بۆ تالپا تا لە مەزاری کیژەکە شیفای بدات، ئیشی من و ناتالیا لە قەراغ جادەی تالپا، هەر ئەمە بوو.

ئێستا هەموو شتێ تەواو بووە. تانیلۆ لە شەڕەشەقی ژیانیش ڕزگاری بووە. ئیتر ناتوانێ بۆمان بگێڕێتەوە چ هەوڵێك دەدات تا بەزیندوویی بمێنێتەوە. بەو لەشە بۆگەنەی، کە پڕبوو لە زەرداوی پیس، کە لە هەموو کونەکانی دەست و قاچی دەهاتە دەرەوە، چۆن بەرگەی دەگرێ تا بەزیندوویی بمێنێتەوە. کۆمەڵێ برینی گەورەی هەبوون، کە هێواش هێواش دەمیان دەکردەوە، زۆر لەسەرخۆ تلۆقیان لێدەهاتەدەر کە بۆنی شتێکی پیس و گەنیویان لێدەهات و هەموومانی تۆقاندبوو.

ئێستاش کە ئەو مردووە، دەبێت بە جۆرێکی تر بڕوانێتە باروردۆخەکە. ئێستا ناتالیا بۆی دەگری، بەڵکو تانیلۆ لەو شوێنە ببینێ کە لێیەتی، ئەو پەشیمانیە گەورەیە ببینێ کە ڕۆحی ئەوی داگرتووە. دەشڵێ لەم چەند ڕۆژەی دواییدا هەستی بەسیمای تانیلۆ کردووە. سیمای تانیلۆ تاکە شوێنێك بوو لە جەستەی، کە بۆ ناتالیا مابۆوە، سیمایەکی هەمیشە تەڕ، کە عارەقی دەکردەوە بۆئەوەی بەرگەی ئازاربگرێت. ناتالیا هەستیدەکرد ئەو دەموچاوە بەرەولای دێت، نزیکی دەمی دەبێتەوەو دەچێتە ناو قژییەوەو بە دەنگێکی زۆر لاواز داوای لێدەکات یارمەتیبدات. ناتالیا دەڵێ: تانیلۆ پێیوتوە دواجار چاکبۆتەوەو ئیدی هیچ شوێنێکی نایەشێ. هەروەها دەڵێت، پێیوتوە: (ناتالیا ئێستا دەتوانم لەگەڵتا بم، یارمەتیم بدە تا لەگەڵتابم)

تازە لە تالپا وەدەرکەوتبوین و تانیلۆمان لەوێ لەناو ئەو چاڵە قووڵە بەجێهێشتبوو، کە بۆمان هەڵکەندبوو.

بەڵام ناتالیا لەوە بەدواوە منی فەرامۆشکرد. لەبیرمە کە پێشتر چاوەکانی چۆن دەبریسکانەوە، هەروەکو دوو گۆمی بەر تریفەی مانگە شەو وابوون، بەڵام کتوپڕ چاوەکانی بەجارێك لێڵبوون، نیگای بە جۆرێك ڕەش و تار بوو، کە دەتوت کەوتونەتە ناو خۆڵ و خۆڵەمێشەوە. ئیتر دەتوت هیچ نابینێ. تەنیا شتێك کە بەلای ئەوەوە بوونی هەبوو ڕۆحی تانیلۆ بوو، کە تا زیندوو بوو خزمەتی کردبوو، کاتێکیش کە دەبوایە بمرێت، ناشتبووی.

* * *



رۆلفۆ



خوان رۆلفۆ

بیست ڕۆژی خایاند تا جادەی سەرەکی تالپامان دۆزییەوە. تا ئەوکاتە ئێمە خۆمان سێ کەس بووین و بەس. لەوێ بەدواوە وردە وردە تێکەڵ بە خەڵکی بووین، کە لە هەموو لایەکەوە دەهاتن. خەڵکەکە وەکو ئاوی ڕووبار بەو جادە پان و بەرینەدا سەرەو خوار دەرۆیشتن و ئێمەیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد، لە هەموو لایەکەوە پاڵەپەستۆیان بوو. ئەو شتەی کە پێکەوەی دەبەستینەوە سەرەداوێکی درێژی تەپ و تۆز بوو. ئاخر جموجۆڵی خەڵك تۆزو خۆڵی جادەکەیان بە جۆرێك بەرزکردبۆوە، کە دەتوت خەرمانی گەنمەشامی بە با دەکەن، ئەم تەپ و تۆزە بەرز دەبۆوە بۆ ئاسمان ، پاشان دەنیشتەوە، بەڵام دووبارە لەبەرپێماندا دەچووەوە بە ئاسماندا، بەمجۆرە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا تەپ و تۆزی جادەکە لەبەرپێمان و بەسەر سەرمانەوە بوو. لەسەرو ئەم تۆزو خۆڵەشەوە ئاسمانێکی ساماڵ بوو، پەڵە هەورێکت بەرچاو نەدەکەوت، تەنیا تەپ و تۆز، بەڵام تەپ و تۆزێك، کە سێبەری نەبوو.

ناچاربووین بۆ ڕاکردن لە خۆرەتاو و ئەو تیشکە سپییەی سەر جادەکە، چاوەڕوانی شەو بین.

پاشان ڕۆژەکان وردە وردە درێژتر بوون. لەناوەڕاستی مانگی شوباتەوە لە زێنزۆنتلاوە بەرێکەوتبووین و ئێستا کە سەرەتا مانگی مارس بوو، ئاسمان زووتر ڕووناك دەبۆوە. دونیا تاریك دادەهات، بەڵام هێشتا چاومان سەر یەك نەنابوو، کە هەتاو دووبارە خەبەری دەکردینەوە، هەر ئەو هەتاوەی کە دەتوت چەند ساتێك لەمەوبەر ئاوابووە.

هیچ کاتێ وەکو ئەو ڕۆژانەی کە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا بووم، نەکەوتبوومە ئەو خەیاڵەی کە ژیان چەندە بەخاوی تێدەپەڕێ و چەندە جاڕزکەرە. ئێمە وەکو مشتێ کرم وابووین، کە لەبەر هەتاودا تێك دەئاڵاین، لە ناوەڕاستی تەمێکی ڕەشی تەپوتۆزی ڕێدا دەخولاینەوەو ئەم تەپوتۆزەش هەمووومانی بە تاقەڕێیەکدا بەرەو پێشەوە پاڵدەناو بەجۆرێك دەتوت بەو جادەیەوە بەستراوین. تەپ و تۆز بەرچاومانی گرتبوو، هەتا چاو بڕی دەکرد هەر تۆز بوو، دەتوت شتێك لەپێش چاومانەو ڕێی بینینمان لێدەگرێت. ئاسمانیش هەمیشە خۆڵەمێشی، وەکو پەڵەیەکی خۆڵەمێشی گەورە کە لەو بەرزییەوە گوشاری دەخستەسەرمان و دەیپلیشاندینەوە. تەنیا جار بەجارێك، کە لە ڕووبارێك دەپەڕینەوە، تۆزەکە بەرزترو ڕوونتر دەبوەوە. سەرو کەللەی گەرممان کە لە خاك و خۆڵدا ڕەش داگەڕابوو، دەکرد بەنێو ئاوە سەوزەکەداو لەپڕ دووکەڵێکی شین لەسەر تا پێمان بەرز دەبوەوە، وەك ئەو هەڵاوەی لەسەرمادا لەدەمی مرۆڤەوە دێتە دەرێ، بەڵام هێندەی پێنەدەچوو دووبارە لەناو تەپوتۆزدا ونده‌بوینەوە. هەوڵماندەدا یەکتری لە گەرمی ئەو خۆرەی کە بەرببوە گیانمان، بپارێزین.

سەرەنجام شەو دادەهات. یەکسەر لەناو ئەم خەیاڵەدا بووین، کە شەو دادێ و پشوویەك دەدەین. بە خۆمان دەوت لەڕاستیدا کێشەکە ئەمەیە کە هەر چۆنێك بووە ڕۆژ بەسەر بەرین و بەهەر فێڵێك بووە لە گەرما هەتاو هەڵبێین، پاشان دادەنیشین و ماندوویەتیمان دەردەکەین. پاشان پێویستە بەهەر گیانکێشانێك بووە وەکو ئەو هەموو خەڵکەو بگرە پێش ئەوانیش بکەوین. کێشەی ئێمە ئەوەبوو کاتێ کە مردین بە تەواوی دەحەسێینەوە.

ئێمە، من و ناتالیا لەناو ئەم خەیاڵ و بیرکردنەوەیەدا بووین. لەوانەیە تانیلۆش کاتێك کە لەسەر جادەی تالپا لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا بەرێدا دەرۆیشتین، لەناو هەمان خەیاڵدا بووبێ، حەزیدەکرد بەر لە هەمووان بگاتە سەر مەزاری کیژۆڵەکە، پێش ئەوەی کە موعجیزەکانی بەتاڵ ببنەوە.

بەڵام تانیلۆ دەستبەجێ حاڵی خراپتر بوو. وایلێهات کە ئیتر نەیدەویست لەوە زیاتر بڕوات. پێستی قاچەکانی قڵیش قڵیش بوبوون و خوێنیان لێدەچۆڕایەوە. بۆم خاوێن دەکردەوەو خزمەتم دەکرد تا وەزعی باشتر بێت، بەڵام واش ئامادە نەبوو بێت.

دەیوت: (من یەك دوو ڕۆژ لێرە دەمێنمەوەو پاشان دەگەڕێمەوە بۆ زێنزۆنتلا)



بەڵام من و ناتالیا نەماندەویست وابێت. شتێك لەناو دڵماندابوو، کە نەیدەهێشت بەزەییمان بە حاڵی تانیلۆدا بێتەوە. دەمانویست ئەو بەرین بۆ تالپا، ئاخر بەوحاڵ و وەزعە خراپەیەوە هێندەی بە بەرەوە مابوو بژی، هەربۆیە کاتێك، کە ناتالیا پێی بە ئیسپرتۆ بۆ پاکدەکردەوە تا ئاوساوییەکەی کەمێك بنیشێتەوە، ورەی دەخستەبەر. پێیدەوت تەنیا کیژۆڵەی تالپا دەتوانێت شیفای پێبدات. تەنیا ئەو دەتوانێت کارێك بکات، کە سەرەنجام لەدەست ئەو برینانە رزگاری بێت. بەس کیژۆڵە. کیژۆڵەی تریش هەبوون، بەڵام تەنیا کیژۆڵەی تالپا دەتوانێ بەمکارە هەڵبسێت. ناتالیا ئەم قسانەی بۆ دەکرد.

ئینجا ناتیلۆ دەستیدەکرد بە گریان و فرمێسك بەسەر دەموچاویدا چۆڕاوگەی دەبەست و پاشان نەفرەتی لەخۆی دەکرد، کە هێندە بەدکارو ناجسن بووە. ناتالیا فرمێسکەکانی بە شاڵەکەی خۆی بۆ دەسڕییەوە و پێکەوە دەچووینە ژێر باڵی و بەرزمان دەکردەوە تا بەرلەوەی شەودابێت، کەمێك زیاتر بەڕێدا بڕوات. هەرچۆنێك بێت هەروا بەراکێش راکێش بردمان، تا دواجار گەیشتینە تالپا.

لەرۆژانی دواییدا خۆشمان ماندوو بوبووین. هەردووکمان هەستماندەکرد رۆژ بەرۆژ هەنگاوەکانمان سستر دەبێت. دەتوت شتێك بەر بە هەنگاوەکانمان دەگرێت  باری شانمان قورستر دەکات. تانیلۆ بە تەواوی بەردەبوەوە، دەکەوتە خوارەوەو ناچار دەبوو هەڵیبستێنینەوەو زۆرجاریش بچینە ژێر باڵی. رەنگە هەر لەبەرئەوەش بووبێ، ماندوو بووبین، ئەوەندە بێ هێز بوبووین کە توانای رۆیشتنمان نەمابوو، بەڵام ئەو خەڵکانەی کە لە تەنیشمانەوە دەڕۆیشتن، ناچاریان دەکردین خێراتر پێ هەڵگرین.

کە شەو دادەهات هاتوهاواری ئەو جەماعەتە نەدەماو هەموو کڕو بێدەنگ دەبوون. کۆمەڵ کۆمەڵ، ئاگر ناوە ناوە دەکرایەوەو خەڵکە رێبوارەکان بە دەستە خاچ ئاساکانیانەوە لەدەوری ئاگرەکە کۆدەبوونەوەو روەو بەهەشتی تالپا دوعایان دەکرد. باش ئەو دەنگانەی بە گوێمان دەگەیاند، پاشان دووری

دەخستنەوە، تێکەڵی دەکردین، تا ئەوەی کە هەموو ئەو دەنگانە دەبوونە نوزەیەك.

کەمێك دوای ئەوە، هەموو شتێ کپ و خامۆش دەبوو، بەڵام لە دەوروبەری نیوەشەودا دەنگی کەسێکمان دەهاتە بەرگوێ، کە لە دوورەوەو گۆرانی دەگوت، پاشان چاومان دەخستە سەریەك و بێ ئەوەی بخەوین چاوەڕوانی سپێدەمان دەکرد.

* * *

کە چووینە ناو تالپاوە، هەموو خەڵکەکە نوێژی بەیانیان دەکرد. ناوەڕاستی مانگی شوبات بەرێکەوتبووین و رۆژانی کۆتایی مارس گەیشتبوینە تالپاو ئیتر زۆرکەس خەریکبوون دەگەڕانەوە. هەمووشی بەهۆی ئەوەوەبوو کە تانیلۆ کەوتبوە تۆبەو عیبادەتکردن و سزای خۆی دەدا. هەر کە چاوی بەو کەسانەی دەوروبەری دەکەوت کە گەڵای هەنجیری دڕکاوییان وەکو عابا بەسەر شانیان دادابو. دەیەویست لاساییان بکاتەوە، پاشان هات بەسەریدا کە قاچەکانی بەکراسەکەیەوە ببەستێتەوە تا لە کاتی رێڕۆیشتندا زیاتر ئازار بچێژێ. دواتر هات بە خەیاڵیدا کە تاجێکی دڕك بکاتە سەری. دوای ماوەیەکی کەم چاوەکانی بە پارچە پەڕۆیەك بەست و لە کۆتایی رێدا کە نزیکی تالپا بووینەوە چۆکی داداو دەستەکانی بردە پشتەوەو لەسەر کڵاوەی ئەژنۆ کەوتەڕی. بەمجۆرە ئەو شتە، کە تانیلۆی برام بوو گەیشتە تالپا. ئەو بونەوەرەی کە سەرتاپای گیانی مەڵهەم بوو، تۆپەڵ تۆپەڵ خوێنی رەش و بەهەر شوێنێکدا، کە رەت دەبوو بۆگەنی گیاندارێکی مردارەوەبووی بەجێدەهێشت.

پاشان رێك ئەوکاتەی کە هەرگیز چاوەڕوانمان نەدەکرد، بینیمان چۆتە ناوەڕاستی گۆڕەپانی سەماکە. تا ئێمە زانیمان چی خەبەرە، تانیلۆ لەناو جەماعەتەکەدا بوو، دەفێکی زەنگوڵەداری گەورەی بەدەستەوە گرتبوو، پێیە پەتی و شینەوەبووەکانی توند دەکوتا بە ئەرزدا. بە یەکجاری ئاگای لەخۆی نەمابوو. دەتوت خەریکە لەو عەزابە رزگاری دەبێ، کە ئەو هەموو ماوەیە بەرگەی گرتبوو، یان دوا هەوڵیدەدا، بۆئەوەی کەمێك زیاتر بژی.

رەنگە تەماشای بەزم و سەما ئەوی خستبێتە یادی ئەو رۆژگارەی، کە هەموو ساڵێك دەچووە رێوڕەسمی ئایینی لە تۆلیمان و بەدرێژایی شەو سەمای دەکرد تا ئێسقانەکانی ژانیان دەکردو لەگەڵ ئەوەشدا ماندوو نەدەبوو. رەنگە ئەو رۆژانەی بیرکەوتبێتەوەو حەزبکات دووبارە ئەو تاقەت و بڕستەی جارانی بۆ بێتەوە.

من و ناتالیا وەستابووین سەیرماندەکرد، پاشان بینیمان کە دەستەکانی بەرزکردەوەو توند خۆی کێشا بەزەویدا، هێشتا دەفەکەشی بەدەستەوەبوو لەنێو پەنجە خوێناوییەکانیدا دەزرنگایەوە. لەو گۆڕەپانە رامانکێشایە دەرەوە، دەمانویست لەژێر پێی خەڵکەکە بیهێنینە دەرێ، لەنێو ئەو جەماعەتە شێتەی کە بەسەر بەردەکاندا دەسوڕانەوەو هەڵدەبەزینەوەو بێ ئەوەی بزانن، کە شتێك لەژێر پێیاندا کەوتووە.

وەکو مرۆڤێکی ئیفلیج لە کۆڵمانکردو چووینە نێو کڵێساوە. ناتالیا وایلێکرد کە لە تەنیشت خۆی لەسەر ئەژنۆ دابنیشێ. رێك لەبەردەم ئەو پەیکەرە چکۆلە ئاڵتونیەی کە کیژی تالپا بوو. تانیلۆ کەوتە دۆعاکردن و فرمێسك رشتن، فرمێسکێك کە لەنێو ناخی دڵیەوە هەڵدەقولاو و ئەو مۆمەی کوژاندەوە کە ناتالیا خستبویە ناو دەستییەوە، بەڵام خۆی هەر ئاگاشی لێنەبوو، رووناکی ئەو هەموو مۆمەی کە لەوێ داگیرسابوو، نەیدەهێشت بزانێت چی لە دەوروبەریدا روودەدات. هەر بەو مۆمە کوژاوەوە دۆعای دەکرد. بەدەنگی بەرز تا خۆی گوێی لێبێت کە دۆعا دەکات.

بەڵام ئەمانە بێسوود بوون و ئاخرییەکەی مرد.

(..... ئەم پاڕانەوەو هاوار بردنەمان کە لە ئازارەوە پێچراوە لە دڵەکانمانەوە بەو دەگات. کروزانەوەو گریان و ناڵە ئاوێتە بە ئومێد. میهرەبانی کیژۆڵەکە نە توانی گریان و ناڵەمان ببڕێ و نە فرمێسکەکانیشمان، چونکە ئەویش لەگەڵ

ئازاری ئێمەدا ئازاری دەچەشت. دەزانێت چۆن ئەو پەڵە رەشە لە دڵماندا لابەرێت و کارێك بکات دڵ ساف و پاكژ بێتەوە تا سۆزو بەزەیی ئەو قبووڵبکەن. کیژۆڵەکەی ئێمە، دایکی ئێمە، هەر ئەوەی کە حەزناکات لە گوناهەکانمان بە ئاگابێ، هەر ئەوەی کە تاوانی گوناهەکانمان دەخاتە ئەستۆی خۆی، هەر ئەوەی کە حەزدەکات لە ئامێزی خۆیمان بگرێت و بمانبات تا ژیان نەمانڕەنجێنێ. ئەوەتا لێمانەوە نزیکەو سوکنایی دەداتە داماوی و ئازاری گیانمان و شیفای جەستەی لاوازو زامدار و تکاکارمان دەدات. دەزانێت کە رۆژ بە رۆژ باوەڕمان پتەوتر دەبێت، چونکە وزەو توانا لە قوربانیەکانمان وەردەگرێت.)

ئەم قسانە، قسەی ئەو قەشەیە بوو کە لەسەر مینبەرەکەیەوە دەیکرد. پاشان کە لە قسەکانی بوەوە، خەڵکەکە هەموو پێکەوە دەستیانکرد بە پاڕانەوە، دەنگیشیان وەکو گیزەگیزی کۆمەڵێك مێشوولە وابوو کە لە دووکەڵ هەڵاتبن.

بەڵام تانیلۆ ئیتر گوێی لە قسەکانی قەشە نەبوو. بێدەنگ بوبوو، سەری کەوتبوە سەر ئەژنۆی. کاتێ ناتالیا رایوەشاند تا هەڵسێت، ئیتر مردبوو.

لە دەرەوەی کڵێساش دەنگە دەنگی سەما بەرزبۆوە، دەنگی تەپڵ و کەرەناو زرنگە زرنگی زەنگ دەهات. هەر ئەوکاتە بوو کە خەم و خەفەت دڵمی داگرت. دیتنی ئەو هەموو شتە زیندووە، دیتنی کیژۆڵەکە، کە رێك لەبەردەمماندا زەردەخەنەی بۆمان دەکردو لەلایەکی دیکەشەوە سەیرکردنی تانیلۆ کە دەتوت دەستوپێکرو کۆسپی سەر رێگەمە. ئەمانە هەموو خەفەتباریان دەکردم.

بەڵام ئێمە بردمان بۆئەوێ تا بمرێ، ئەمە شتێکە کە بیرم ناچێتەوە.

* * *

ئێستا ئێمە هەردووکمان لە زینزۆنتلاین. بێ ئەو گەڕاوینەتەوە. دایکی ناتالیاش هیچی لێ نەپرسیوم، نە ئەوەی کە چیم لە براکەم کردووەو نە هیچی تر. ناتالیا سەری خستە سەرشانی و دایە پڕمەی گریان و بەمجۆرەش هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە.

ئێستا وردە وردە وا هەستدەکەم، کە بەهیچ شێوەیەك بە مەرامی خۆمان نەگەیشتووین، هەر دەڵێی هاتووین بۆ ئێرە تا کەمێك پشوو بدەین، پاشان بەرێبکەوینەوە. بۆکوێش نازانم، بەڵام ناچارین بڕۆین، چونکە لێرە بەدەست پەشیمانی و یادەوەری تانیلۆوە ئاسودەنین.

ڕەنگە وردە وردە وامان لێبێت لە یەکدیش بترسین، لەبەرئەوەی کە لەوکاتەوەی لە تالپا دەرچووین هیچ قسەیەکمان پێکەوە نەکردووە. ڕەنگە هەر ئەو مانایەش بگەیەنێ. لەوانەیە هەردووکمان تەرمی تانیلۆ لەتەنیشت خۆمانەوە ببینین، تەرمێك کە لەنێو دۆشەکێکدا پێچابوومانەوەو پۆلێك مێش و مەگەزی شینی تێوە ئاڵابوو، بە جۆرێك گیزە گیزیان دەکرد کە دەنگیان وەکو پرخەیەك وابوو، کە لە دەمی ئەوەوە بێتەدەر، دەمێك کە من و ناتالیا هەرچەندمانکرد نەمانتوانی دایبخەین و هەروەك بڵێی بیەوێ دیسانەوە هەناسەبدات، بەڵکو ئیتر هەناسەیەکیشی بۆ نەمابۆوە. تەرمی ئەو تانیلۆیەی کە ئیتر هیچ شتێك ئازاری نادات، بەڵام دەتوت هێشتا بە ئازارەوە دەتلێتەوە، بەو دەست و پێی بەستراو و چاوە زەقانەیەوە، هەروەك بڵێی بیەوێ سەیری مەرگی خۆی بکات. زەرداوێك لە برینەکانیەوە دەچۆڕایە سەر ئازای بەدەنی کە بۆنی بە هەموولایەکدا بڵاودەبووەوە و لەنێو دەمیشتدا هەست پێدەکرد، هەروەك بڵێی کەم کەمە هەنگوینێکی تاڵ بخۆیت و لەگەڵ هەر هەناسەیەکدا کە هەڵیدەکێشی لەنێو خوێنتدا بتوێتەوە.



ڕەنگە شتێك کە لێرەدا لەهەر شتێکی تر زیاتر بێتەوە بیرمان هەر ئەمە بێت ئەو تانیلۆیەی، کە لە گۆڕستانی تالپا ناشتمان، ئەو تانیلۆیەی کە من و ناتالیا خۆڵ و بەردمان بەسەرداکرد تا گیاندارە دڕندەکان لە گۆڕەکەی دەری نەهێننەوە.

***تالپا: شارێکە لە نێوجەرگەی مەکسیك.**